سۆراخ

# ژیان لە ژێر باڵی سێودا

## ( بە تابلۆی دیاری ٣/١٦ ی تەیب موعتەسەم پێشکەشە )



حەسەن مستەفا

١

لە یەکەم چرکە ساتەکانی ژیان، سێو لە نێو درزەکانی راماندا راڕایی دەخاتە دڵ و مرۆڤ لە بەهەشت تەرە دەکات. بۆ یەکەم جار سێو بووە پەردەیەك لە نێوان وەعز و گوێڕادێری، بەڵام بە درانی پەردەکانی سێو یەکەم پەیمانشکێنی لە لایەن مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات و لە سەرینیدا بەهەشتێك لە خۆی دەتۆرێنێ و لە جاویدانی دەخرێتە نێو راڕاییەکانی مردن . مردنیش وەك چارەسەرێك دانراوە بۆ گەشەو بازدانەکانی مرۆڤ لەرێکی بۆ نارێکی و بە پێچەوانەشەوە .

ئێستا ئێمە لە ژیاندا لە سەرسورمانێکی بێهاوتادایین کە بۆچی قەدەری مرۆڤ بە سێوێکی جادووانە بەسترایەوە، یان تێنەگەیشتین باوکە ئادەم بە شێوە گۆییەکەی هەڵخەڵەتا یان مەستی بۆنەکەی بوو یان نهێنی تامەکەی بە راڕەوەکانی ژیانێك ئاشنای کرد کە لەدوا ساتدا مەرگ رایئەهەژەنێ .

٢

شاری سەمەرقەند بووە وێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی ئەستێرەناس و جەبرناس و زانا و شاعیری هەڵکەوتووی فارس (عومەر خەیام)، ئەو لە ژیانیدا ئیعجابێکی زۆری نواندووە بۆ ترێ، کەچی سێویش لەو پۆلینە توخمانەیە کە خەیام بە چڕی کاری لەسەر کردووە. سێو ساتێك بە مرۆڤ دەبەخشێ لە ناو زەمەندا و دەیکاتە یاریکەرێکی چالاك لە نێو خەیال و واقیع، سەری دەچێتە ناو هەورەکانی خەیاڵ و قاچەکانیشی لە کێڵگەکانی واقیعدا بە بارستاییەکی قەبەتر بەدوایدا ئەخشێن.

( ژیان بۆ تاقی کردنەوەیە ) گەلێك زانا و دانا لەسەر ئەم میتۆدە کاریان کردووەو گەلێك دەرەنجامی گرنگیان بەدەست هێناوە، ئەتوانم بڵێم دوورنیە لەوێش سێو بەکاریگەرییەکانی خۆی دەستی ئەوانی گرتبێ بۆ سەر خاڵە کۆتاییەکانی دەرەنجام .

٣

جارێکی تریش سێو رۆڵێکی جادووانە دەبینێ، بەڵام ئەمجارە لە نێو زەمەندا کاری خۆی دەکات. ئەگەر جاری یەکەم باوکە ئادەم و دایکە حەوا فریویان پێی خواردبێ لە دەرەوەی زەمەن ئەوا ئەمجارەش چەند هەزار گوڵە گەنمێك هەر بە سەوزی و بە هەڵمژینی بۆنی سێو لە نێو جوگرافیایەکدا ( کە بە تەنها زمان خاوەندارێتی دەکرد ئەگینا سنورێك نەبوو بڵێ سنگی من قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان ) سیس دەبوون و دەوەرین .

سێو ئەمجارەش دەستی خۆی وەشاند و حەزی چووە سێوە تازە پشکوتووەکانی نێو قەفەزی سنگی ( هەڵەبجەیی و بالیسانی و شێخ وەسانی و سێوسێنانییەکان و.. ) بۆیە تا گەردوون بمێنێ سێو لە یارییەکانی ناکەوێ، بەڵام مەرجە ئێمەش چیتر دوای رەنگی خۆڵەمێشی و بۆنە تەلیسماوییەکەی نەکەوین ئەگینا نابێ چاوەڕێی ئەوەبین کەوا لە قوربانی دەکەوین .



# نەهامەتیەکانی ژن و ئەرکەکانی لە کۆمەڵگادا

عەبدوللا حەسەن

له هەر کۆمەڵگایەکدا بەپێی گونجانی کۆمەڵگاکە ژنان شان بە شانی پیاوان کار دەکەن بۆ راستکردنەوەی پارسەنگی نێوان هەردوکیان بە گوێرەی دەم و باری کۆمەڵگاکە .

له بنیاتنانەوەی وەلات و باری کۆمەڵایەتی و خێزانی دیارە بەو پارسەنگەی کە ژن لە ئەرکی رۆژانەیدا دەگێرێت بارێکی قورس دەکەوێتە سەر شانیان و باجی زۆری دەدات لە پێناویدا .سەرەرای ئەو هەموو کۆسپ و گرفتانەی رۆژانە روبەرویان دەبێتەوە لە بەرامبەر ئەو ئەرکە زۆرانەدا پاداشتیان بە شێوەیەکی گونجاو وەرناگرن یان پێیان نادرێت بە شێوەیەکی گشتی دیارە سەرەرای نەهامەتی و گرفتی زۆریشیان بەردەوامن له ژیاندا . لە خودی دنیای ئەو پەری پێشکەوتووخوازدا مافی ژنان پێشێل دەکرێت زۆر هۆکار هەن بە گشتی لەلایەن پیاوەکانەوە نییە گرفتەکان دەکرێن دابەشی سەر چوار لایەن بکەین یەکی خودی ژنان .پیاو سالاری . نەوعیەتی کۆمەڵگا. سروشتی سەر زەوی یان سروشتی ژن، ئەمانە هەمووی نەهامەتین بۆیان، لە هەمان کاتدا رۆڵی گرنگیش دەبینن بۆ دایکایەتی و گۆشکردنی کۆمەڵگا نەوە دوای نەوە تا دوایی ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ بکەین ئەرك و کاری رۆژانەیان بۆمان دەردەکەوێت کە ژن باری سەر شانی گرانە و مافیشی زۆر کەمە لەبەرانبەردا لەلایەکی تریش سەیری لاپەرەکانی گۆڤار و رۆژنامەکان بکەین وا هەست دەکەین کە پیاوان زۆر مەغدورن لە بەرانبەر ژناندا . بەلام لەسەر لاپەرەکانی گۆڤارەکان و رۆژنامەکان ئەو مافانەی ژنان (بەدی نەهاتوون) دانابەزێت بۆ بواری کردار، کە دەڵێن ژن نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی تریشە، منیش دەڵێم راستە ژن قەلاێیکی پۆلاینە لە بەرانبەر کۆمەڵگادا مەگەر خۆی نەناسێت و پۆلایینی قەلاکەشی لە چی دایە، گوتمان ژن نیوەی کۆمەل و دایکی نیوەکەی ترە . بەڵێ لێرەوە سەیری ناودارانی جیهان بە گشتی بکەیت کە ئەو هەموو کەڵە پیاوانەی لەسەردەستی ئەوان جیهانیان گەیاندوتە رۆژی ئەمرۆ و جیهانیان لە تاریکی رزگار کرد و لە ژیانی ناو ئەشکەوتەکان گەیشتوتە سەر مانگ و گەران لە زەوی و ئاسماندا ئالێرەدا قەڵای پۆلاین دیار دەبێت، وە بە پێویستمان نەزانی ناوی کەڵە پیاوەکان دیار بکەین . لە هەمان کاتیشدا زۆر جار ژنان مافی یەکتری پێشێل دەکەن و دەشلێن پیاوان مافی ئێمەیان پێشێل کردوە یان رێگرن لە بەرامبەر مافەکانماندا .

زۆر جار دەبینین کە پیاوان خاوەنی ژنێك و دوانن لە هەمانکاتدا ژنێکی تر پەیوەندی خێزانی دروست دەکات و مافی هاورەگەزەکەی نەك هەر پێشێل دەکات و بەلکو دەشی خوات و گوێ ناداتە ئەو پەیوەندیەی پێش خۆی کە پیاوەکە هەیبووە لەگەل ژنەکەی ترو بە یەکەوە ماڵیکیان پێکەوە ناوە و زۆر رەنجیشیان بۆ کێشاوە زۆر بە ئاسانی ژنی تازەکە خۆی دەبێتە خانۆخێ و کە نەبای دیبێ و نە باران .

پێشتر باسی ئەوەمان کردوە کە نەهامەتیەکانی ژنان لە چوار لایەنەوەیەو یەکی خودی ژن خۆیەتی و پیاو سالاری و نەوعیەتی کۆمەڵگا و سروشتی ژن یان فیزکی ژن، لێرەدا بۆمان ئاشکرا دەبێ بەشێکی لایەنی یەکەم ژن خۆیەتی . چەندین رێکخراوی ژناندامەزراون لە تێکرای جیهاندا بە ولاتی ئێمەشەوە ئەو رێکخراوانە رۆڵی خۆیان ناگێرن و مافەکانی خۆیان دیار و بەرنامەرێژناکەن و بە داکۆکی کردنی وەکو پێویست، ئەگەر لە ولاتی ئێمەدا مافی ژنان پێشێل بکرابێتو بوار بە رێکخراوی ژنان نەدرابێ ئەی لە جیهانی پێشکەوتوودا بۆچی مافەکانیان پێشێل دەکەن و لەوێش دەبنە قوربانی حالەتی کوشتن و لەناوبردن . هەیە وسەرەرای ئەو هەموو پێشکەوتنانەیان لە جیهانی سەر مایەداری . نازانین رێکخراوی ناوبراو تەنها لەچی داکۆکی لە ژنان دەکات .دەبینین کە ژنان فەرمانبەرن لە گشت بوارەکانی داو بە گشت پلەکانیەوە لە کاتی دوو گیانی چییان بۆ دەکرێت جگە لە مۆڵەتی دایکایەتی شتێکی تر پێیان دەبەخشن نەخێر؟

من لێرەدا دەڵێم پێویستە لە جیاتی مۆڵەتی دایکایەتی لەبری ئەو کۆرپەی بەرهەم هێناوە بەلانی کەم یەك ساڵ خزمەتی وەزیفیان بۆ ئەژمار بکرێت لە دوای سەلماندنی لە تۆمارگای پەیوەندیدار و باری شارستانی و راپۆرتی پزیشکی و بۆ

رێگرتنیش لە زیادبوونی زۆری منالان ولەبار بردنی بەرنامەی تەندروستی ژنانیش با لە چوار منال زیاتر بۆیان لە خزمەتی وەزیفیان ئەژمار نەکرێت.

دەڵێن ژنان زەعیفەن و ناتوانن وەك پیاو کار بکەن یان عەقلی ژن لە چوار دیوار زیاتر دەرناچێت نەخێر رێژەیەکی کەم و زۆری هەیە لە پیاوان و ژنان، وە ژنان گەر بیانەوێ ئەتوانن لە زۆربەی بوارەکاندا کاری باش ئەنجام بدەن و لە پۆستە باڵاکانیشدا رۆڵی گرنگ بگێرن لە جیهاندا چەندین ژن پۆستی گرنگ لە ئەستۆیاندا بووە لە رابردوویێستاش دا وەك ئەم خاتونانە (مادیۆر بویی سەرۆك وەزیری سەنیگال و هیلین کلارك سەرۆك وەزیری نیوزیلندا و تاریا (تارجا) هالونین سەرۆك وەزیری فنلەندا و شاندریکا کوماراتونجا سەرۆکی سریلانکاغلوریا مکبجال ئوریو سەرۆکی فلپین و ماری ماك ئەلیس سەرۆکی تایلەند ومیدیاسکۆسو سەرۆکی پەنەما جینیفر سمیس سەرۆك وەزیری بەرمودا میگاواتی سۆکارنۆبوتری سەرۆکی ئەندونوسیا فایرافایکی فرایبوغا سەرکۆی لاتیڤیا خالیدە جیا سەرۆك وەزیری بەنگلادیش و مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو . مارگرێت تاتشر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیان بوو .بێ نەزیر بۆتی سەرۆکی باکستان و ئەنجێلا میرکل راوێژکاری ئەلمانیا و گوندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا) و (لڤنی) وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل و هتد ..

بۆچی ژنان لە ولاتانی عەرەبی شایستەی ئەو پۆستە گرنگانە نین و رێگاشیان لێ دەگرن و دەشیان کوژن و وەك (عقیلە خفاجی )ئەندامی ئەنجومەنی عیراقی فیدرال کە یەکەم ژن بوو لەگەل سەرۆکێکی وەك جۆرج بۆش و سەرۆك تالەبانی وێنەبگرێت بۆ مێژوو دوایی لەلایەن دەستێکی رەشی تیرۆریستان و کۆنەپەرستانی عەرەب تیرۆر کرا . دەبا ژنانی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بن تا بگەنە ئەو پۆستە بالایانە وەك ئەو خاتونانەی جیهان و باری لاری رەگەزەکەیان و کۆمەڵگا راست بکەنەوە .

وەژنانی کۆمەڵگای کوردەواری زۆر زەحمەتیان کێشاوەو شان بە شانی پیاوان کاریان کردوەو هەتا لەشەرەکانیشدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەبردنی خواردن و تەقەمەنی و زۆر جاریش وەك پیاوان شەریان کردوە . ژنانی کوردستان جیا لەو ستەمی لێیان دەکراوله هەمان کاتیش دا بە دەستی رژێمی بەعسیش ئەنفالو زیندەبەچال دەکران بەبێ جیاوازی ئەمانەش بەلاییکی تر بوو بۆ ژنانی کورد .ئەمرۆ لە سایەی ئەو ئازادیەی لە عیراق و کوردستان بەدی کراوە دەتوانن ئازادانە تر خەبات بکەن لە پێناو بەرەو پێشوەبردنی ئاستی وشیاری نەوەکانی داهاتووی کۆمەلگاکەمان . لە کۆتاییدا ئەوەی من مەبەستە باسی بکەم لەم بابەتە و ئاماژەی پێ بدەم ، ئەویش نەهامەتی و کارەساتەکانە کە بەسەر ژناندا بەگشتی هاتووەو هەول بدەین بە شێوەیەك لە شێوەکان هەندێك لە ئازارو مەینەتیەکانیان کەم بکەینەوەو سەر گۆنەی ئەو رێکخراوانە بکەین کە داکۆکی کارن لە مافەکانی ژنان کە رۆڵی خۆیان باشتر بگێرن و چیتر خۆیان لەم مەسەلانە بە دور نەگرن چونکە ئەم رێکخراوانە بۆ ئەم مەبەستە دامەزراون نەك بۆ موچە و ئیمتیازات و ئەمەش ئەمانەتێکە لە ئەستۆی بەرپرسانی دیموکراسی و ئازادیو رێکخراوەکانی ژن دایە .

## خۆشەویستی لەدەرونی مرۆڤدا



سامان روستایی

مرۆڤ بۆ هەمیشە پێویستی بەوشەی خۆشەویستی هەیە. ئەم وشە جوانە کە چەند مانایەکی وەك خۆی پڕ سۆزی تێدایە. گەورەترین مانا کانیشی، پێکەوە ژیان، تەبایی، یەکتر قبوڵ کردن، ئەم هەمو وشە جوانانە لەدێرێکدا خۆیان ئەبیننەوە کەپێی ئەڵێن خۆشەویستی لە دەرونی مرۆڤدا.

هەر کەسێك مانای خۆشەویستی بزانێت هەرگیز رێ بە خۆی نادات مانا جوانەکەی بشێوێنێ بەزاماردار کردنی هەستی کەسێکی تر . خۆشەویستی چەندین جۆری هەیە وەك: خۆشەویستی مرۆڤ بۆ وڵاتەکەی ، باوك بۆ دایك وبۆ رۆڵەکانیان و بەپێچەوانەشەوە، خۆشەویستی نێوان ئینسانەکان و ئەوخۆشەویستیەی کە لەنێوان کوڕ و کچ دروست ئەبێ کە زۆر بەپیرۆزی ئەزانم ئەگەر بەڕاست گۆیی بێت.

دڵنیام هەتاکو خۆشەویستی مابێت مرۆڤ لەژیانیدا سەرکەوتو ئەبێت، بە نەمانی خۆشەویستی لە ناخی ئینسان دا مرۆڤ بەرەو ئاقاری دارمان و بێ ئومێدی دەبات، کە خۆشی نازانێت توشی چ تەنگ وچەڵەمەیەك دەبێت، بۆ ئەوەی خۆمان بەدور بگرین لە کێشەو گرفتی ژیان دەبێت هەستی خۆشەویستیمان لە ناخماندا گەشە پێ بدەین و نەیەڵین بێ ئومێدی باڵ بەسەر هەست ودەرونماندا بکێشێت, سەر لە نوێ بونیاد نانەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەرکی هەر تاکێکمانە .

# لەتوندو تیژییەکانی بەرامبەر ئافرەت، با( یاسا )بێ دەنگ نەبێت

**ئاکۆ ئاکۆیی**

کۆمەڵگای کوردی وەك هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کەوتونەتە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵگایەکی دواکەوتوە بە تایبەتی لەڕوی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی پێشوەچونێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە،تا ڕێگا لە هەندێ ڕوداوی دڵتەزێن وناشیرین بگرێت کە ئەبنە هۆی بەجێ هێشتنی کۆمەڵێك ئاستەنگ لە بەردەم ڕەوتی پێشکەوتن یاخود بەشێك لەو دیاردە خراپانە تێکبشکێنێ کە ڕۆژانە ڕوداوی گوڵ هەڵوەرین وشکاندنی ئاوێنەی ڕوناکی وهەتەرەکردنی کۆتری جوانی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی بەرامبەر ئەو کائینەی ژیان وژین وهەموو جوانیەکانی پێوەبەندە، نمونەی کوشتنی (دوعا)، مادام کۆمەڵگاکەمان ئەمە ڕەوشی بێت پێمان سەیر نەبێت کە سەدان ڕوداوی لە شێوەی کوشتنی (دوعا) دوبارە ببێتەوە ،کوشتنی (دوعا) نەیەکەمین ئافرەتەو دوا ئافرەتیش ئەبێت، گومانی تیا نییە لە ساتەوەختە کانی کە(دوعا) لە ژێر بەردبارانی بەربەریانەی کۆمەڵێك تاریکستان گیانی دەدایە دەست فریشتەی باڵ سپی تابیبات و بە ئەستێرەیەك بیسپێرێ، ئا لەو ساتەدا چەند (دوعا) یێکی تری ئەم ولاتە لە ژێر چەپۆکی وەحشیگەرانە سوکایەتیان پێکراوە، ڕۆژانە لێرەو لەوێ هەواڵی لەم جۆرەمان بەر گوێچکە ئەکەوێ و بونەتە دیاردەیەکی ئاسایی.

گەر بەراوردێك لە نێوان ساڵەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپە ڕین بکەین لە مەڕ پێشوەچونی کۆمەڵایەتیو هۆشیار بونەوەی خەڵك لە هەندێ دیاردەی نێگەتیف، پێشوەچونێکی ئەوتۆ نەبوە کە کاریگەری دابنێت لە سەر تاکەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتیانەی دێنە پێش بۆ چارەسەر کردنیان پەنا ببرێتە بەر (بیر)نەك توندو تیژی.

بە داخەوە ئەبوایە لە پاش ڕاپەڕین تا ئێستا گۆڕانێك لە ڕوی فەرهەنگی وپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان رویدابا یابەلایەنی کەم پێشوە چونێکی ئەوتۆی بە خۆوە دیبا تا بەشێك لە دیاردە دزێوەکان نەمابان.

دەسەڵاتی ڕوخاو دەسەڵاتێکی داخراو بوو دەسەڵاتی داخراویش کۆمەڵگا وێك دێنێ وتاکی دوا کەوتو بەرهەم دەهێنێ، بەڵام دوای ڕاپەڕین بارو دۆخێکیتر هاتە پێشەوەو ئەم داخراویەی دەسەڵات تێك شکێنرا، بەڵام لەبەر نەبونی بەرنامەیەك نەتوانرا سود لەو ماوە زەمەنیە وەر بگیرێ، بەپێچەوانەوە دەسەڵات نەك هەر هەنگاوی جددی بۆ ئەم تەوژمە پێشوەچونە نەهاویشت، بەڵکو لەبەر هەندێ مل ملانێی دژوار خێڵ وهۆز وئاغا کێرڤی دەسەڵات و ڕۆڵی سالاریان لە نێو کۆمەڵگا نەمێنێ کە خۆشیان وا چاوەڕوانیان دەکرد.



(خێڵ، هۆز، ئاغا) و (نەبونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ) و (خورافیات و هەندێك نەریتی دواکەوتوی ژێر پەردەی ئاینی) لە لایەکی تر بێ ئاگایی وبێ دەنگی یاسا لەبەرامبەر زۆرینەی ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانە یاخود هیچ بە هیچ نەکردنی دەسەڵاتی یاسا لەبەرامبەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بەبێ جیاوازی ،بونەتە هۆی ئەو توندوتیژیەی کە بەرامبەر ئافرەت پیادە دەکرێت .

دوو ڕێگا هەیە بۆ کەم کردنەوەو ڕێگا گرتن لەم هەموو نایەکسانیەی بەرامبەر ئافرەت دەکرێت هەر لەکوشتن وتەلاق و پێ نەدانی مافە کۆمەڵایەتییەکان، یەکەمیان هۆشیاری کۆمەڵایەتی ودیموکراسی کە ڕاستەو خۆ کاریگەری دائەنێت لەسەر تاکەکان و بەرەو هۆشیاریو مەدەنی دەچن، کە کۆمەڵگاش بووە کۆمەڵگایەکی وشیار ئەو کات ئافرەت یەکسان ئەبێت و پیادەی مافەکانی خۆی دەکات کەئەمە بوو هەڵبەتە ئەو نایەکسانیەی بەرامبەر ئافرەت کەم دەبێتەوەو نامێنێ، بەڵام دەبینین کۆمەڵگای کوردی هێشتان زۆری ماوەو لە هەنگاوە سەرەتایەکانە، کەواتە ئەم نایەکسانیەو دیاردە دزێوەکان لە بەرامبەر ئافرەت بەردەوام دەبێت، دووەمیان کەدەبێت ڕۆلی خۆی کاریگەرانە ببینێ یاسایە کەئەوەی یەکەمیان ڕۆڵی نەبوو دەبێت(یاسا) ڕۆلی یەکەمیش ببینێ لەژێر دروشمی (یاسا بۆ هەمووانە) بەبێ جیاوازی، پێم وایە گەر یاسا بەرۆلی خۆی هەستا تاراددەیەکی باش توندو تیژی بەرامبەر ئافرەت کەم دەبێتەوە.

# ئایندێ ژنێ د روینشتنەکا زەلامکینی دا..!



عەبدولرەحمان بامەڕنی

ژن ئێکە ژ فاکتەرێن هەرە گرنگ دناڤ جڤاکیدا و بێی وێ ژیان برێڤە ناچیت، ئەڤرو ئەو دیتنا جڤاك پێ بەرێ خوە ددەتێ، یا بویە تشتەکێ ئاسایی لدەف ژنێ و بویە رەوشت و تیتالەك و ژن خوە پێ ددەتە ناسکرن و پێ دهێتە نیاسین، و دڤی دەربارەی دا ژنێ چ ئاریشە نینن.

ب ڤان گوتنان بابەتێ مە ئێك لایەنی بو و روینشتنا خوە مە بو مافێن ژنێ تەرخان کر. ل بەراهیێ ئەوێ خوە ب رەوشەنبیر دزانی، بڤی رەنگی هاتە دناڤ بابەتی دا: ئەز ژی دگەل ڤێ چەندێ مە، بو نمونە بو ژنێ گەلەك ئاسایی یە، زەلامێ وێ بێژیتێ کچا سەی هەرە بو من ئاڤێ بینە، یان بکەنی ڤە بێژیتێ ئەز چەند حەژتەدکەم هەی کچا نەخوش مروڤی، بو ژنێ ئەڤ قەسە زور دخوشن هەست ب فیریانەکا حەژێکرنێ دکەت و هزردکەت دنیا هەمی یا وێیە.

یان ل هندەك جهان یان ل رونشتنێن ژنکان بخو ژی ژنەك دێ بێژیت: (دڤێت چیڤێ زەلامی هەر دەم لسەر سەرێ ژنێ بیت)، یان ئێکا دی دێ بێژیت: دڤێت ژن بهێتە قوتان و ترساندن ژلایێ زەلامێ وێ ڤە. یان کو ب کورتی ئەڤ رەفتارێن هە دچڤاکی دا پەیدا بوینە و وەرارکرینە و بوینە تشتەکێ زورێ ئاسایی و گوتنێن مە یێن مەزنان ژێ دپرن.

(ئەز ژی دگەل بوچونا تەمە)، ئەڤە بو ئاخفتنا ماموستا تاهری کو ماموستایێ کوردیێ یە ل ناڤنجیێ و پێڤە چوو و دبێژیت: ژبەرکو لڤێرە هەر ژێك نەگرتنەکا دناڤبەرا ژن و مێران دا پەیدا دبیت، یان ژن بهێتە قوتان، یان دەرێخستن، یان پاشڤەبرن، ناچیتە دخانەیا توند و تیژیێ دا، ژبەرکو خەلك فێری ڤان بویەران بویە، و لسەر ئاڤا بویە، و بتنێ توند و تیژی کەنگی پەیدا دبیت، ومروڤ هەست دکەت دێ کارتێکرنێن وێ یێن نێگەتیف هەبن، دەما جڤاك دهێتە گهورین و ئەو پیڤەر و هێلێن سور دبنە جهێ گەنگەشێ و رەخنێ و نە رازیبونێ و ئەڤ چەندا هەژی کەنگی پەیدا دبیت، دەما ئەڤرو کچ خوە رەوشەنبیر دبینیت و شانازیێ ب ئاستێ خوە یێ زانستی و رەوشەنبیری دبەت و دڤی دەمی دا ئێکەمین بەرهەلستکار بو ڤان رەوشت و تیتالان دێ هەر ئەو بیت و دێ ب هەمی هەولێن خوە کاری ژبو وێ چەندێ کەت و وان بنەما و رەفتاران ب هەرێفیت.

من بو ڤێ چەندێ بوچوونەکا دی هەبو، هەر چەندە ژ یاوان نە یا دویر بو ئەو ژی: بمن وەرە خالا هەرە گرنگ ل دەف ژنێ بو باوەری بخو نەبونێ و هەستکرنا وێ کو وەك کەسا دوێ و یا کێمتر ژ زەلامی دناڤ جڤاکی دا دژیت. ئەو ژی ئەڤ بێ باوەریە لدەف وێ پەیدا بویە هەر ژ زاروکینیا وێ، ژبەرکو هەر ژ بچویکاتی مە کچ ئێخستیە دبن هندەك پیڤەران دا و مە ترساندی یە، نابیت بتنێ ب دەرکەڤی! نابیت تو پێشوازیا مێهڤانان بکەی! نابیت تو بتنێ بچیە بازاری!. کو ئەو ژی د پاشمایێ رەوشتێ کوردەواری دا تشتەکێ ئاسای و رەوایە و بنەماییێن تێگەهشتنا ژنێ لسەر ئاڤا دبیت و دوو بەرەکیێ دئێختە دناڤبەرا هەردوو رەگەزان دا، و رەگەزێ مێ هەر ژ فەهمکرنێ هەست دکەت جیاوازیەکا رەگەزی دناڤبەرا وێ و رەگەزێ دی دا هەیە و هەمی تشت بو وێ قەدەغەیە و هەمی تشت بو یێ دی د دروستن, و لڤێرە مەزنبونا ڤێ کچێ دێ دناڤبەرا نەرەحەتیێ دابیت و دێ هزرا رەگەزێ دی لسەر زال کەت و دێ بیتە خودان دەسەلات، و ئەو ژی نە یەکسانیەکێ دناڤبەرا هەردوان دا پەیدا دکەت.

ل دوماهیێ ژی مە ئەڤ روینشتنە ب روینشتنەکا زەلامینی بناڤ کر و مە ئەو ماف دا خو ئەم دێ چاوان بەرسینگرتنا ئایندەی گرین و ئەم دێ چاوان شێێن هزرا ژنێ ب گوهرین و ببیتە ژنەکا ئەکتیف دناڤ جڤاکی دا و بشێت بسیارا مافێ خوە بکەت و بەرسڤا ڤێ چەندێ ژی دناڤ بوچونێن مە بخوە دابو.

# دیجیتاڵ و فەوزا

## کوشتنی( دوعا ) بە نموونە



کارۆخ فەهمی

ئاشکرایە دیجیتال چ ڕۆڵێکی کاریگەر ئەبینێ لە بەرهەم هێنانی ئاژاوە و توندو تیژی دا، دیجیتال میمبەرێکە بۆ پەخش کردنی فیتنە گەورەکان، هەر لە قیرە قپری پیاوانی ڕێکخراوی (القاعیدە) تا ئەگاتە دانپیانانەکانی گروپەکەی شێخ زانا و کارەکانیان، چەندین خێزان بەهۆی ئامێرە دیجیتاڵییەکانەوە هەڵوەشاونەتەوەو پەرتەوازە بون. دیجیتاڵ ئامێرێکی بێزیان نیە دور نیە ببێتە هۆی لە ناو بردنی ئینسان! وەك ئەوەی لەماوەی ڕابردودا بینیمان، دوای بڵاو بونەوەی فیلمە سێکسییەکان ئەنجامدەرانیان کوژران, کە ئەمانە لای من دووجار قوربانین, جارێکیان قوربانی دیجیتاڵ و جارێکی تریش قوربانی کولتوور داب ونەریتی خێڵایەتی، ئەگەر کوڕەکان وێنەیان نەگرتبا تاپیشانی هاوڕێکانیان بدەن و لافیان بەسەردا لێبدەن، هیچ کامیان کۆتایی بە ژیانیان نە ئەهات، گومان نیە لەوەی کە چەندین کاری لەو شێوەیە لەم وڵاتە ئەنجام ئەدرێت و کەسیش پێی نازانێ و کەسیش نابێ بەقوربانی, وەلێ ئەوە کامێرایە وائەکا هەمومان تێکرا ئەو کارە ببینین کە نابێ کەسمان ببینین. مۆدێرنە وەك چۆن خاوەنی کامێراو ئینتەرنێت و پێداویستییە ئەلیکترۆنیەکانە، ئاواش خاوەنی جەنگە گەورەکان و کەمپەکانی قڕکردنی ئینسانە، خاوەنی هۆلۆکۆست و ئەنفالە. بەختەوەری وڕاپایی بە ئینسان بەخشی. مۆدێرنە بۆتە هۆی زیاد کردنی خۆشگوزەرانی ودڵتەنگی ئینسان لە یەککاتدا.

زۆرێکتان وێنەی کوشتنی (دوعا)تان بینی، زۆریشتان لە ناو موبایلەکانتاندا هەیە (هەڵبەت ئەگەر بلوتوزی هەبێت)، ڕەنگە لەدڵتەنگیدا چەندین جار (مسح)ڕەشتانکردبێتەوە، بەڵام خۆتان نەگرتوەو دوبارە (خزن)وەرتانگرتۆتەوە. پێم وایە لە ساتەوەختی کوشتنی ئەو عاشقەدا کامێرای لێ نەبوایە کێشەکە بەو شێوەیە گەورە نەئەبوو، لایەنی زۆری ئەو فەوزایە کامێرا دروستی کردوە، ئەوە کامێرایە وائەکا دڵمان پڕ ببێ و بکەوینە ژێرعاتیفەیەکی کوشندە و دوریش نیە بگرین وجوێن بە هەمو ئێزدییەکان بدەین. ئێمە لێرەدا بازێك بەسەر ئەو دەرەنجامە ترسناکانە ئەدەین کە بە هۆی بینینی دیمەنی کوشتنەکە چەندین کەس نەخۆش کەوتون وترساون توشی نەخۆشی دەرونی بون، یا ئەو منالانەی شەوان ناتوانن بخەون یا دەرس بخوێنن. دڵنیام لەوەی هەموتان چیرۆکی زۆر لەوە تراژیدی ترتان بیستوە، دڕندانەتر مرۆڤ کوژراوە، کە هەریەکەمان بەجۆرێك لە خەیاڵی خۆماندا وێنەمان کێشاوە، کە ئەمەش لە کەسێکی دڵرەقەوە ئەگۆڕێ بۆ کەسێکی ناسك وبەسۆز، بەڵام کوشتنی (دوعا) وساتەوەختی بەردەباران کردنی دیمەنێکی کۆنکریتییە, تەنها ئەوەندەیە کە تۆ ئەیبینی، نمایشێکی ڕاستەقینەیە، چیتر ئەمە حیکایەتەکانی داپیرە وساتەوەختی کوشتنی(تاقانەی دووەم)نیە، وێنەیەکی بەرجەستەو جوڵاوە کە لە بەردەمتدا نمایش ئەکرێ، بۆ باوەر پێکردنیشی تەنها ئەو فاسیلە یە بەسە کە ئەکەوێتە نێوان چاوی تۆو شاشەی موبایلە کە. وێنە گرتن گۆڕینی شێوازی چیرۆکەکانە لە (گوێچکە)وە بۆ (چاو)، لە خەیاڵە بۆ واقیع، لەعەدەمەوە بۆ یەقین. واتا ئێمە چیدی بە خەیاڵ بیر لە کوشتن ناکەینەوە، بەڵکو کوشتن لەبەر چاوماندا ئەزمون ئەکرێ، گوێمان لە ناڵەو قیژەکانە، کەڕەنگە ئەمە پتر ڕاستی کوشتن بسەلمێنێ، کەواتە هەمومان لە ساتەوەختی کوشتنی (دوعا)لە وێ بوین و کەسیشمان لە وێ نەبوین.

کامێرا حەزێکی بێسنوری هەیە بۆ بەکارهێنان، کامێرا وایکرد ڕۆژنامەکان پڕبن لەنوسینی سۆزگەرایانە لەسەر کوشتنی (دوعا)، سایتەکان ماتەم بگێڕن، ڕێکخراوەکانی ژنان ڕێپێوان بکەن ولافیتە بنوسن. کامێرا وای کرد چەندین ئێزدی لە تۆڵەی (دوعا) بکوژرێنەوە. ئەوە کامێرایە وائەکا دیمەنی لاشەی دوعا ( بەتایبەتی لە کاتی ڕووتی دا) یا (ئەوکاتەی بلۆکی پیا ئەکێشن) بۆ ئەبەد لە زاکیرەماندا بمێنێتەوە. لە کاتی هەر ڕوداوێکی برێك نائاساییدا حەز ئەکەین دەست بۆ کامێراو موبایلەکانمان بەرین و وێنەی بگرین (سەرنج لەو گەنجانە بدەن کە بە موبایلەکانییان وێنەی دوعا ئەگرن) بێ ئەوەی بیر لە ترسناکی ڕوداوەکە بکەینەوە، یا بیر لە دوارۆژی ئەو گرتانە بکەینەوە چی لێئەکەوێتەوە کە وێنەی ئەگرین.

ئەو دەمەی کەرنەڤاڵی مەرگی دوعا وێنەی ئەگیرا، چرکەی گەورە بونی تاوانەکە و دروست بونی (کایۆس) ئاژاوە وپشێوییەکان بوو. دیجیتاڵ گێڕانەوەی چیرۆکەکانە بە نمایشکردن و گواستنەوەی ڕەنگی خوێن ودەنگی بەردو بۆڵەی پارێزەرانی شەرەفەوە. دیجیتاڵ شتێکی بێگوناه نیە، شەپۆلێکە پڕ لە فەوزا و دوربەرەکی و داینەمۆی بەرهەم هێنانی توندو تیژییە، لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا نەبونی بۆشاییەکی گەورەیە .

# ژیان و خۆشەویستی



گەیلان عەبدوللا

زۆر جار لەگەڵ ناخی خۆمدا دەدوێم و دەڵێم, ئاخۆ بۆ دەبێت دونیا بینینی ئێمەی کوردستانی بەدیوێك دابێت کەتیایدا هەستە مرۆڤایەتیەکان بەلاوە بنێین و درندە ئاسا سیما پیرۆزەکان بشێوێنن و درکی مەینەت بکەینە بەر جەستەی ژیانی یەکتر؟ ئاخۆ بۆ نابێت چیتر بەو ئاقارانەدا گوزەر نەکەین و لەبری ئەم حالەتانە ئالوگۆری خۆشەویستی بۆ یەکتر نەکەین و بەردەوام فریشتە ئاساییانە رووبەرووی رەفتارە قێزەوەنەکان نەبینەوە کە هەرگیز بۆ مرۆڤ شتێکی نەشیاوە، چونکە بێ گومان کەسێك نیە نازانێت کە هەلەکان لەکوێوەن. دروستە من دەلێم ژیانی پڕنەهامەتی شەڕو ئاشوبی دوژمنانی گەلەکەمان زۆریان بۆ هێناوین، من دەلێم سەرجەم ئەو نەهامەتیانەی کەهەیە ئێستا لەنێو کۆمەڵگاکەمان زیاتر ونبونی ماناو مەغزاکانی خۆشەویستیە لەناخی هەر یەکێك لەئێمە، تەنانەت خودی گەندەلیش جێگای لەناخمان دایەو تاوانی دام و دەزگاکانی حکومەت نییە، چونکە دواجار هەر هاولاتیە بەهەڵگری شوناسی فەرمانبەرێتی کار لەم دام و دەزگایانە دەکات، وە لە نەبونی گیانی بەرپرسیارێتی لەو پێگەیەی کەواکاری تیادا دەکەین جۆرێك لەفەوزاو نابەرامبەری دێنێتە ئاراوە وەکو ئەوەی کەهەیە ئێستا لەکوردستاندا لەگەندەلیو بێ متمانەیی و لاوازی هەستی ئینتیما بۆ خاك ونەتەوە، دەنا کەس نییە نەی دیبێت لەئەزمونی گەلانی ولاتانی تردا کەچۆن لەبونی ئەم هەستەدا رووبەروی چارەنووسی خۆیان دەبنەوەو گۆڕان دەهێنە ئاراوە، وە لێرە دەبێت بگوترێت کەغیابی رۆشنبیری ئەم لایانە هۆکارێکی تربوە لەهاتنە کایەی ئەم بارودۆخانە، چونکە رۆژ نیە دەیان رۆژنامەو گۆڤار بە بەرچاوی خەلکەوە نەبینرێن کە دەکرێت بگوترێت کەمیان هەیە بەشێك لەبابەتی رۆشنبیری یاسایی تیادا نەبێت و ئامۆژگاری نەبەخشێت، بەلام غیابی خوێندنەوەو خۆ رۆشنبیرکردن وەئەگەر هەشبێت زۆر بەکەمیو بەشکلێکی رۆتینی دەرونێکی گەندەلی بۆ خولقاندوین و رەشبینی هەموو گیانی تەنیوین، ئیتر گەر بمانەوێت شوناسی ژیانی خۆمان بەدەست بهێنینەوە دەبێت هەر یەکێك لەئێمە گفتوگۆیەکی دورمەودا لەگەڵ خۆیدا بکات و لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیفەکانی ژیانی خۆی هەلسەنگێنێت و هەنگاو بنێت بۆ گرتنەبەری لایەنە پیرۆزەکانی ژیان وەدوور بکەوێتەوە لەوەی کەهەلسوکەوتی خراپ کار لە کەسایەتی بکات و هەلبدات لەکاتی ئاخاوتنی لەگەڵ دەورووبەردا بەردەوام ئیجابیانە مامەلە بکات، بەمەش کەسێکی وا دێتە ئاراوە کەپڕبێت لەپێداچونەوەو من بەگشتی لەم نوسینەمدا دیارە کەمەبەستەکانم زۆر لایەنەو ئێستا بەزەقی دەبینرێن بگرە رۆژنیە دەیان رووداوی گورچکبڕ نەبینی کەناخی مرۆڤ لەگەلیدا دەهەژێت و بەبەرچاوی هەموان رەت دەبێت وکەس باسیان لێوە ناکات، بۆ نمونە نابەرابەری لەدام و دەزگاکان و فروفێلی زۆرو گوێ پێنەدانی یەکترو گەندەلیو زۆرانی تر کەهەریەك دونیایەك پرسیاری لەپەناوە دایە، ئاخر منیش وەکو ئەم وتەیەی کەدەلێت(سەیرە مرۆڤ بیر لەرق لێبونەوە دەکات لەکاتێکدا هەموو ژیان بەشی خۆشەویستی ناکات) پێم سەیرە بۆ دەبێت وابێ من دلنیام بەردەوام بوونی ئەم حالەتانە لەخراب بۆ خرابترمان دەبات و هەمو مانا پیرۆزەکان وون دەبن، ئیتر گەر بمانەوێت جارێکی تر بگەرێنەوە بۆ بەهارێکی هەمیشە بەردەوام و ژیانێکی تەژی لەخۆشەویستی با چیتر رێگا نەدەین رەورەوەی ژیان ئاوا بڕوات بەرێوەو هەرکەسەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کاربکات، چونکە خەونی گشت مرۆڤێکە کەژیانی تەژی بێت لەبەختەوەری ئیتر با هەوڵ بدەین بەرەو ئەم ئامانجە بەرزە هەلکشێین و تاجی سەر بەرزی ژیان بکەینە سەر، لە پێناو بەرز راگرتنی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی .

# ڕا پرسی گۆڤاری کوێستان

لەسەرەتای مانگی نیسانی ٢٠٠٧ روداوێکی دڵتەزێن، لە پڕ ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، لـە ڕێگـای بلوتـوزی مۆبایلـەکانو سـایتەکانی ئینتـەرنێت، دیمەنە تراژیدیەکانی بەردبارانکردنی کچە کوردی ئێزیدی ( دوعا ) بلاّوکرایەوە، ئەم روداوە بووە مایەی سەرنج و نیگـەرانی و مقۆمقـۆی هاولاّتیـان، بیرو بۆچوونی جیا جیاو پاڵنەری جۆراوجـۆر بـۆ ئـەم کاراسـاتە هۆنرانـەوە، بـۆ وەرگرتنـی ڕاوبۆچـوونی شـەقام لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە، گۆڤـاری کوێستان راپرسیەکی لە شاری سۆران ئەنجامدا، بە هەردوو شێوازی ڕاندۆم ( هێشویی)و چـینایەتی ( طبقـی) لـە نـاو چـینو توێـژە جیـا جیاکـانو هەردوو رەگەزی نێرو مێ و تەمەنی جیا جیا، ئەمەی خوارەوە پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە و ئەنجامەکانیەتی :



**پرسیار: بەڕای تۆ هۆکاری کوشتنی کچە کوردی ئێزیدی ( دوعا ) چی بوو؟**

١ـ پیلانێکی سیاسی ئاژاوەگێڕی نەخشە بۆ کێشراو.

٢ـ دواکەوتوویی رۆشنبیری کۆمەلاّیەتی.

٣ـ دەمارگیری ئاینی.

ئەنجام :

ژمارەی فۆڕمی دابەشکراو : ٣٠٠

ژمارەی فۆڕمە گەڕاوەکان : ٢٦٧

١ـ ٤٥ دەنگ ٨٥ ، ١٦٪

٢ـ ٩٤ دەنگ ٢٠، ٣٥ ٪

٣ـ ١٢٨ دەنگ ٩٤ ، ٤٧ ٪



# دەنگێك لە سۆز، سیمفۆنیایەك بۆ جاویدانی

## شەکیلا لە دیدارێکی تایبەتی کوێستان



فۆتۆ: تایبەت بە کوێستان

دیمانە : ئیسماعیل شەمزینی

وەرگێرانی : گەلاوێژ نێروەیی

شەکیلا ئەو دەنگەی کە لە سەر خۆ و بێ گرێ لەسەر پەڕەی دڵەکان دەنیشێ، شەکیلا پتر لەوەی گۆرانی بێژێکی تەقلیدی بێت، ڕۆحیانەتێکی پاکە، عەشقی ئەو بۆ خودا و ئینسان و سروشت کردویانە بە هونەرمەندێکی ژیان دۆست، ئەو لەسەر خۆیەو ریتمی خاوی گۆرانیەکانی تایبە تمەندیەکی وای داوە پێی، کە ببێ بە هونەرمەندێکی نوخبەوی و دەستە بژێر، واتا ئەو گۆرانی بێژێکی تایبەتە، گوێ گرتن لە شەکیلا زەوق و سەلیقەیەکی جوانی ئەوێت، ئەوەی لەناو خۆیدا هەراو زەناکانی لەناو نەبردبێ، ئەستەمە بتوانێ بەدیار گۆرانیەکی ئەو خانمەوە دابنیشێ، فەرموون با باشتر شەکیلا بناسین.

شەکیلا لە١٩٦٢/٨/٣ لە تاران لەدایك بووە، بچوکترین ئەندامی خێزانەکەیەتی، هەرلە منداڵیەوە خولیای مۆسیقا بووە.لە تەمەنی نۆ ساڵیدا یەکەم ئاهەنگی لە T.V بلاو بووەوە، لەم کاتەوە توانی سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی ڕابکێشێ، لەبەر بچوکی تەمەنی خانەوادەکەی رازی نەبوون گۆرانی بڵێ، لەگەڵ ئەمەشدا توانی لە خوێندن بەردەوام بێت.

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بۆ فێر بوونی مۆسیقای کلاسیك سەفەری ئەمریکای کرد، شەکیلا لە ساڵی ١٩٨٩ بە فەرمی مۆسیقای کردە پیشە، تاکو ئامانجی خۆی لەم پیشەیە بدۆزێتەوە، تاکو ئێستا شەکیلا یانزە ئەلبومی پێشکەش بە هەوادارانی کردوە، شەکیلا دوو کوڕی هەیە بە ناوەکانی ( شەهرود و بێهرود )، ئێستا لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دادەنیشێ.



### شەکیلا کێیە ؟

_ سەرەتا سڵاو بۆ ئێوەی بەرێز، هیوادارم بتوانم وەڵامی پرسیارەکانتان لە جێگای خۆیدا بدەمەوە.

شەکیلا کەسێکی ئاشقە (ئاشقی خودا، نیشتمان، خێزان، سروشت، خەڵكو هەرشتێ کە مایەی خۆشەویستی بێ، بەپێچەوانەوە نەفرەت لە درۆ، خۆبەزل زانین، ئیرەیی و ڕق و کینە دەکات.

### کەی دەستت بە کاری هونەری کرد و یەکەم ئەلبومت بە ناوی چی بوو ؟

_ لە ساڵی ١٩٩٠ یەکەم ئەلبوومی گۆرانیم بە ناوی (بۆ ساتێك با پێکەوە بین) بڵاو کرایەوە.

### تۆ زۆرتر لەسەر ریتمی خاو گۆرانیەکانت دەچڕی، هەوڵت داوە ریتمی گۆرانیەکانت بگۆری ؟

_ من وا هەست دەکەم کە گۆرانیەکانم هەمووی ئارامن، ئاهەنگە ئارامەکانم زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ ریتم، بەڵام من وای بۆ دەچم ئێوە مەبستتان ئەوەیە کە من گۆرانی خێرام کەمە ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گۆرانیبێژانی تر بەرهەم هێنانی گورانی خێرایان زۆرە، پێشکەش کردنی ئەم جۆرە گورانیانە پێویستیان بە جوڵەو سەما کردن هەیە، بە داخەوە کە ئەمەیان لەگەڵ خاسیەت و شێوەی من ناگونجێت .

### تۆ گۆرانیت بە زمانی کوردی گووتوە، بە نیاز نیت گۆرانی دیکەی کوردی بڵێیت ؟

_ من گۆرانی کوردیم بۆ لایەنگران و هەوادارانی کوردم گووتوە و خۆشحاڵیشم کە ئازیزانم گوێی لێ رادەگرن و بۆتە جێگەی سەرنجیان، لەوانەیە لە داهاتوودا کاری تری لەو جۆرە پێشکەش بە دۆستانی کورد بکەم.

**هەوڵ دەدەم ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی کوردی پەیدا بکەم، چونکە ئەزانم کوردان چەند خۆشەویستیان بۆ من هەیە، گروپی کامکاران دەناسم و جێگای سەرنجن لە لام**

www.shakila.com

# هیوادارم پەیوەندی ئێمەی هونەرمەند و کوردانی ئازیز بەرفراوانتر بێت



**شەکیلا چ پرۆژەیەکی هونەری لەبەر دەستە؟**

_ ئێستا سەرقاڵم بە کار کردن لە سەر ئەلبومێکی نوێ کە بە ئومێدی خودا لە کۆتایی هاوین ئامادە دەبێت.

**ئاشناییت لەگەڵ گۆرانی و میوزیکی کوردی هەیە، زیاتر گۆرانی چ هونەرمەندێکی کوردت بە دڵە؟**

_ من هەمیشە حەزم لە بیستنی گۆرانی کوردی کردوە، بەڵام بە داخەوە کە زمانی کوردی نازانم هەرچەندە هەوڵ دەدەم ئاشنایەتی لە گەڵ ئەو زمانە پەیدا بکەم، چونکە ئەزانم دۆستانی کوردم چەندە رێزو خۆشەویستیان بۆ من هەیە، لە گۆرانیبێژە کوردەکانیش کە دەیانناسم و جێگەی سەرنج راکێشانن گروپی کامکارانن.

**ئەگەر لە کوردستان کۆنسێرتێکت بۆ چێبکرێت، ئامادەیت بێیتە کوردستان؟**

_ ئەگەر هەلومەرجێکی گونجاو بێتە پێش بە دڵ ئارەزووی دیداری خۆشەویستانم لە کوردستان دەکەم.

**جگە لە کاری هونەری، شەکیلا بە چ کارێکی دیکەوە خەریکە؟**

_ بە وەرزش، خوێندنەوە، ماڵەوە، پەروەردە کردنی کوڕەکانم، کات بەسەر دەبەم .

**چۆن لە گەلی کورد دەڕوانیت؟**

_ خێزان دۆست، ئازا، بۆ بیروڕاکان خاوەن هەڵوێست، زیاد لە پێویست تێکەڵ بۆ هاورێیەتی، بە وتەی شێرین (زۆر چاکن).



**با بێینەوە سەر کاری هونەریت، جگە لە زمانی دایك، بە چەند زمانی دیکە گۆرانیت گووتوە ؟**

_ بە تورکی ئیستانبولی گۆرانیەك و بە کوردیش گۆرانیەك و دوو گۆرانیشم بە ئینگلیزی گووتوە، کە هیچ یەك لەم گۆرانیانە لە ئەلبومەکانم دا نین .

**لە سەرجەمی گۆرانیەکانت، کامەیانت زۆر بە دڵە؟**

_ ئەم ولامە زۆر ئاسان نی یە، بەڵام دەتوانم بلێم کە ئاشقی ٧٠٪ ی گۆرانیەکانی خۆمم.

**بە کام لە گۆرانیبێژەکانی فارس، سەرسامی ؟**

_ هایدە، پوران، مەهەستی، ئیسفەهانی، داریوش، موعین .

**دووا ووتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری کوێستان**

_ سوپاستان دەکەم بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە، هیواخوازم کە رۆژ بە رۆژ سەرکەوتووبن تا پەیوەندی ئێمەی هونەرمەند و کوردانی ئازیز فراوانتر بێت و بە ئومێدی دیدار، خوای گەورە یاوەرتان بێت.

# گەیاندن و دونیا بینی

## هەڵبژاردن وەك نموونە



ڕەگەز ڕەشید

ڕەنگە یەكێك لە دەرهاوێشتەكانی میكانیزمی گەیاندن، لێك نزیكردنەوەو لێكچواندنی كلتورەكان بێت بە یەكتری، بە ئەندازەیەك ئاشنابوونێكی خێرا لەنێو مۆدێلەكان پەیدا دەبێت و كارێكی ئاسان نابێت لە یەكتریان جودا بكەینەوە.. بەو پێیەی یەكێك لە ئەركەكانی گەیاندن ئیش كردنە بەو ئاراستەیەی كە پەیامی كرانەوە بە ڕوی دونیای پێیەو ڕەنگە هەر ئەمەش وابكات لە ڕووی جلو بەرگ و ئارایشتەوە لە یەكتری بچن و هیچ پێوەرێ نەمێنێت بۆ ئەوەی مۆدێل بە پێی كلتوری نەتەوەو شار و گەل دابنرێت.. ئەگەر چی پێم وایە ئەوەی ئێستا دەیبینین، دەرهاوێشتەیەكی بچووكی گەیاندنەو لە ساڵەكانی داهاتوودا، مۆدێلەهای دیكە لەدایك دەبن.

با هەوڵ بدەین بە نموونەیەكی لۆكاڵیەوە بڕوانینە دەرهاوێشتەكانی گەیاندن.. ئایا پێش ڕاپەڕین جیاوازی لە جلو بەرگ و تەنانەت بیركردنەوەی گەنجێكی سلێمانی لەگەڵ گەنجێكی سۆران و، هەولێریەك لەگەڵ دهۆكیەك، چەند قاتی ئێستا بوو؟؟ بەڵام كاتێك گەیاندن و كرانەوە بەڕووی دونیا تەشنە ئەسەنێت، ئەو هاوكێشەیە چی بەسەر دێت؟؟ ئایا گواستنەوەی مۆدێلەكانی دەرەوەو ئارەزوو كردن لە ئازادی ئارایشت و پۆشینی جلو بەرگ، بەس نین بۆ ئەوەی لەو دەرهاوێشتانە تێبگەین؟؟

ئایا لەدایك بوون و گواستنەوەی ئەو مۆدێلانە كە ئەمڕۆ دەیبینین، بەڕاستی ئازادی هەڵبژاردن و ئازادی تاكەكەسییە، وەك ئەوەی چەمكی ئازادی باوەڕی پێیە؟؟ یانیش ئەوە مۆدێلێكی هەرس خواردووی ڕۆژئاواییەكانەو كاردەكاتە سەر ئینتیما و ئاین و بەشێكە لە لادان، وەك ئەوەی هێندێك لە مامۆستا و پیاو ماقوڵ و پیاوانی ئاینی و، بەشێكیش لەوانەی كە سیستەمی پەروەردەیان لە ئەستۆیە، پڕوپاگەندەی بۆ دەكەن؟؟؟

بێگومان بۆ شیكار كردنی ئەو پرۆسەیە، پێویستمان بە گفتوگۆی زۆرتر دەبێت لەوەی كە لێرە دەیخەینە ڕوو.. بەو واتاییەی یەكێك لە سادەترین مافەكانی مرۆڤ لە دونیای مۆدێرن و دیموكراسیدا، ئازادی هەڵبژاردنە، بە ئەندازەیەك ئەو ئازادەییە لە هەڵبژاردنی جلو بەرگەوە دەست پێدەكات، بەرەوئازادی لە ئینتماو هەڵبژاردنی ئاین درێژ دەبێتەوە..

تێنەگەیشتنیش لە چەمكی ئازادی و دەرهاوێشتەكانی گەیاندن، وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەكەی ئێمەیە..بەو واتایەی لە هەرشوێنێكدا ئەو ئازادییە بە بیانووی شكاندنی بەها كلتوری و ئەخلاقیەكان لە گەنج دەستێنینەوە، لەوێدا لەتەك پێشێلكردنی ماف تاكە كەسیدا، كەسی نەخوێندەواریشمان بە ئازادی.. بە مانایەكی تر، ئازادی لە پۆشین و ئارایشت، شكاندنی بەها كلتورییەكان نییە، وەك ئەوەی سەلەفیەكان باوەڕیان پێیە، بەڵكو مومارەسەكردنی ئازادییە تایبەتییەكانی گەنجە.. بۆیەش هەڵەیەكی گەورە دەكەین ئەگەر پێمان وابێت لە ڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆدا، كە گەیاندن لە هەموو كونجێكی ئەو سەر زەمینە ئامادەیی هەیە، گەڕانەوە بۆ كلتوری جلو بەرگی ڕەسەن و ئارایشت كردن وەك باب و باپیران ئەخلاقەو، دەرچونیش لەو ڕیتمە، لادانە و نائەخلاقییە!!

لە بیرمان نەچێت چۆن ماف ئەوە بە خۆمان دەدەین دەرگا بەڕوی ئالیەتەكانی گەیاندن (وەك سەتەلایت و مۆبایل و دونیای ئەنتەرنێت و بلوتۆز بكەینەوە) ئاواش دەبێت ڕازی بین ببینە كۆپی پەیستی مۆدێلەكانی سەردەم.. ئەمڕۆ ئەوەی گەنجانی دونیا لەیەكتری جیاواز دەكاتەوە كلتوری فەرهەنگی و ناسیۆنالیستیە، نەوەك جل و بەرگ و ئارایشگە.. نمونەی سمێڵ تاشین و پەرچە كردارەكانی عەقلیەتی خێڵەكی كوردی، نموونەیەكە لەو نووسینەدا یارمەتیمان دەدات.. بە چەشنێك كە چۆن نەمانتوانی لە گەڵ كرانەوەی كورد بەڕووی ڕۆژئاوا ڕێگە بە سمێڵ تاشین بگرین، چۆن نەمانتوانی ڕێگە لە هاتنی كابۆ و تراكسوت بگرین (كە تا كۆتایی هەشتاكانیش، لە كۆمەڵگەی ئێمە، بە عەیبەو لادان لە بەها ئەخلاقیەكان وەسف دەكران)،ئاواش ناتوانین ئەمڕۆ ڕێگە لە هیچ لەو مۆدێلانە بگرین كە لە دونیادا لە دایك دەبن و تەشنە دەكەن.

دواجار دەبێت لەوە وشیار بین، ترسناكی ئازادی جلو بورگ و ئارایشت، ئەگەر چەند نا ئەخلاقی بێت، هێندەی نا ئەخلاقیەتی زەوتكردنی ئازادییەكانی تاكەكەسی ترسناك نییە.. بە پێچەوانەوە، هی یەكەمیان ئارەزووە تایبەتیەكانی گەنجەو بیانووش بۆ ئەوە كاریگەری و دەرهاوێشتەكانی گەیاندنە لە دونیا، بەو پێیەی كە هەروەك چۆن ئاشنایەتی لە نێوان مرۆڤ و نەتەوەو كلتورەكان دروست دەكات، ئاواش مۆدێلەكان لە یەكتری نزیك دەكاتەوە.. بەڵام هی دووەمیان كوشتنی ئازادییە (ئایا زەوت كردنی ئازادی ترسناك نییە؟؟).

r_ragaz@yahoo.com

# بەستنی بۆینباخ بۆ جوانیە یا دەرخستنی کەسایەتی ؟

**سیروان چۆمانی**



**کورێـــــك: بەشـــێکی زۆری برادەرکـــانم کێـــشەیان هەیــە و بۆینباخیان بۆ دەبەستم**

**کچێك: کە خۆشەویـستەکەم بـە قات و بۆینبــاخی جـوان ببیـنم، حەزدەکـــەم بـــە بۆینباخەکـــە بیخنکێنم**

" هاوســەرەکەم لــەمن جــوانتر بۆینبــاخ دەبەســتێ" ئەمــەی سەرەوە قسەی مامۆستایەکی زانکۆ بوو، لە بارەی بەستنی بۆینباخ کە بە راشکاوانە دانی بەوەدانا کە نازانی بە جوانی ببەستێت.

ئەو مامۆستایە کەناوی( پشتیوان ئیبراهیم)ە و بەستنی بۆینباخ کێشەی بۆ دروست دەکات نموونەی دەیان کەسی دیکەیە کە ئەم کێشەیان هەیە هەروەك (کرێکار سالّح) کە قاتێکی جوانی لەبەر دابوو رێکپۆشی و بەجوانی بەستنی بۆینباخ وایکرد بپرسین کەئاخۆ خۆی بۆینباخەکەی بەستوە گوتی "من لە بارەی بەستنی بۆینباخ هیچ کێشەم نییە، بەلاّم بەشێکی زۆری برادەرکانم کێشەیان هەیە و بۆیان دەبەستم".

**زۆر شتی ورد هەن لە ژیاندا کە رۆژانە بەرەو رویان ئەبینەوە و ئەبن بە پێویستیەکی بەردەوامی مرۆڤ ، کەچی بایەخێکی ئەوتۆیان پیّ نادەین ، بۆ ینباخ یەکێکە لەو پۆشاکیانەی کە بونی لە پیاواندا جۆرێکە لە ویقار یا پێدانی کەسایەتیە، کە جیای ئەکاتەوە لەکەسانی تر، لەگەلّ بینینی بۆینباخ یەکسەر تێئەگەین لەگەلّ پیاوێکی بەئیلتیزامدا ڕوو بەڕووین. زۆر ئاساییە ئەمڕۆ بە کلاّوو جامانەوە گوزەریّ بە شاردا بکەیت و بەیانیش بۆینباخێکی قۆز ببەستیت یاعەرەبێکی عەگال بەسەر کە لە بیابانەوە دێت بۆ شار سەردانی بازاڕو کۆگاکانی فرۆشتنی جلو بەرگ دەکات و هەر بۆ ئەوەی پێی بلّێن شارستانیە، قات وڕیباتێکی جوان ئەکڕێ. تێگەیشتن لە بۆینباخ دوو دیوی پێچەوانەی یەکتری هەیە لەولاّتێکی وەك ئێران لە شوێنە حکومیەکان بەستنی قەدەقەغەکراوە، بەلاّم لە مالیزیا پزیشکەکان وەك بڕیارێکی فەرمی ناچارن بیبەستن. هەرچەندە بڕو بیانوی کاریگەری تەندروستی بۆ بەستنی بۆینباخ دەهێننەوە.**

مێژووی بەکارهێنانی بۆینباخ بۆ سەرەتای سەدەی شازدەهەم دەگەرێتەوە بەتایبەتی لە نێوان سالاّنی (١٦١٨ــ ١٦٤٨) کەماوەی جەنگی ئەوروپیەکانە، سی سالّی خایاند، سەربازە کرواتیەکان شالّیان لە مل دەئالاّند، کە لەشێوەی بەستنی بۆینباخی ئەمڕۆ دەچوو، لەو شەرە سەختانە ئەو کرواتیانەی بەدیل دەگیران بەو شالّە هەلّ دەواسران، لەگەلّ ئەوەشدا کرواتیەکان زۆر پابەند بوون بەبەستنی، ئەو سەردەمە سەربازە کرواتیەکان لە ئەوروپا بلاّو ببونەوە بەتایبەتیش لەپاریس، بۆیەش فەرەنسیەکان زۆر بەبۆینباخ سەرسام بوون و لایان جوان بوو، هەربۆیەش لەسەردەمی (لویسی شازدە) بۆینباخ بووە بە بەشێك لەجلی فەرمی سیاسیەکان و سەرکردەکان، چونکە

ناوەکە کرواتیە لەزۆربەی زمانەکان لەوشە رەسەنکە دوور نەکەوتۆتەوە بۆ نموونە: فەرەنسیەکان (کراڤات)(Cravat)، پرتوگالیەکان(ئۆراڤات)(Oravate)، ئیسپانیەکان (کۆرۆڤاتە (Corvatte)، ئەلمانیەکان (کراواتە) (Krawate)، ئینگلیزیەکانیش (نیکی تی) (Neck Tie) و عەرەبەکان (ربطة العنق) یان (رباط) پێدەلێن.

زۆر ئاساییە ئەفەندی بێت و نەشزانی بۆینباخ ببەستی، لەوانەشە پێش شەش مانگ جوان بۆینباخ ببەستن و ئەمرۆ بیر چووبێت چۆن دەیبەستی؟.

(زانا دارا) کەخوێندکارێکی زانکۆیەو وەك خۆی دەڵێ زۆر ئارەزووی "بەستنی بۆینباخە"، شتێکیش کەزۆر گرینگ بێت لەبەستنی بۆینباخ لەلای (زانا) هەماهەنگی کردنە لەنێوان قات وکراس و بۆینباخ، بۆ ئەمەش دەڵێ " کراس و قات ئادگارە جوانەکانی بۆینباخ زیاتر دەردەخات"، ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی" شارەزاییەکی باشی هەیەو دەتوانێت بەچەند شێوازێك بیبەستێت، لەبۆنەو ئاهەنگەکانیشدا زۆر جار هاورێکانی داوایان لێکردوە کە بۆینباخیان بۆ ببەستێ".

کچە خوێندکارێکی زانکۆ پێی وابوو "بۆینباخ شتێکی جوانە بۆ پیاوان"، بەڵام نەك هەموو کاتێك بیبەستێ بەڵکو جار بەجار لەئاهەنگەکان یان لە بۆنەکاندا، هەروەها بۆینباخ بەبێ قات جوان نییە. ئەو کچە لە درێژەی قسەکانیدا و بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز گوتی" هەر کاتێك خۆشەویستەکەم بە قات و بۆینباخی جوان ببینم حەزدەکەم بە بۆنیباخەکەوە بیخنکێنم".

لەلایەکی تر(کاروان ساڵح)، کە کوڕە گەنجێکی (٢٢)ساڵی بوو بەستنی بۆینباخی بە هۆکارێك بۆجوانترکردنی ڕووکاری دەرەوەی مرۆڤ دانا، ئەو گەنجە ئاماژەی بەوەشدا کەخەڵکانێك هەن تەنها "بۆخۆدەرخستن"بۆینباخ دەبەستن.

(ئومێد قادر) لە سوپەرمارکێتی سۆران گوتی: بۆینباخ بەرێژەیەکی زۆر لەسۆران سەرف دەبێت ، دوو جۆر بۆینباخمان هەیە، باشەکەیان نرخی(١٠٠٠٠)هەزار دینارەو خراپەکەیان کە (چین)یە نرخی(٣٠٠٠)هەزار دینارە، ئەوانەش بۆینباخ دەکڕن لە ٦٠٪ نازانن بیبەستن، ئێمە لێرە بۆیان دەبەستین، زۆربەی ئەوانەی بۆینباخ دەکڕن، زۆر بەکەمی ڕەنگی بۆینباخ لەگەڵ قات و قەمیسەکان دەگونجێنن، ئێمە لێرە بۆیان دەبەستین، جۆری ئینگلیزی واتە سێ گۆشەیی زیاتر بەکاردێت .

فرۆشیاری جل و بەرگی پیاوان حسن مستەفا گووتی: لەلای

## خۆت بۆینباخەکەت ببەستە






ئێمە بۆینباخ زیاتر لەگەڵ قات دەفرۆشرێت، ئەوانەی بۆینباخ دەکڕن ڕەنگی لەگەڵ قات هەڵدەبژێرن، ئێمە بۆینباخی تورکی‌و چینیمان هەیە، باشەکەی تورکیە نرخی لە(١٣٠٠٠)هەزار تا(١٥٠٠٠)هەزار دەبێت وەخراپەکەشی کە(چینی)یە نرخەکەی دەگاتە (٥٠٠٠)هەزار دینار.هەندێکیان خۆیان لێرە بۆینباخ دەبەستن.

م.لقمان بەکر سەلیم پسپۆڕی دەروونناسی پێی وایە: زۆرێك لە زانایان دیاردەی بەستنی بۆینباخ دەخەنە خانەی (مۆدەووە) کەلە سەردەمی ئەمرۆمان هەست بەبوونی دەکەین، چونکە بەدیاردەیەکی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی دادەنرێت بۆیە کاریگەریەکی لەسەر دەروون و لایەنی کۆمەڵایەتی تاك دروست دەکات، ئەگەر چی جیاوازیش هەیە لەکۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر...دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی لەژێر ڕۆشنایی ئەم هۆکارانەی خوارەوە کاریگەریەکان دیار بخەین لەوانە:.

١ـ هۆکارەکانی دەروونی هەندێ جار پاڵ بەتاکەوە دەنێت بۆ ئەوەی خۆی لەوانی دیکە جیابکاتەوە.

٢ـ بەهۆی جیاوازی بنکەی کۆمەڵایەتی تاك دەیەوێت خۆی لەتاکەکانی دیکەی کۆمەڵ جیا بکاتەوە.

٣ـ پاڵنانی تاك بۆ بەستنی بۆینباخ کەبەشێکی گرنگی ڕێك پۆشی جل وبەرگی ڕۆژانەیەتی، پێویست دەکات بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەستنی.

هەر لەسەر باسی ئەم تەوەرەیە بەپێویستمان زانی کەوا مامۆستایەکی ئایینی بهێنینە گفتوگۆ (مامۆستا مەلا مەحمود) گووتی "زۆر قسەو باس لەم بارەوە دەکرێن و خەڵکانێك بەهەڵە بە خاچ (صلیب)یان شوبهاندووە و حەرامیان کردووە" ئەم لێکدانەوانە هەڵەن هیچ بنەڕەتێکی زانستیان نییە، وەزیاتر بۆ جوانی و ڕێکخستنی ملی کراسە.

بۆ یە بەکارهێنانی بەحەلال دادەنرێت هیچ گرفتی شەرعی نییە، مەگەر کەسانێك خۆیان بەنیەتێکی تایبەت بەکاریبێنن ئەو کاتە نیەتەکە دەبێتە پارسەنگی حوکمی شەرعی. بۆنموونە بەکار هێنانی بۆنی خۆش سوننەتە ئەگەر بەکاری بێنی، بەڵام کەسێك بۆن بۆئەوە بەکار بهێنێ سەرنجی ئافرەتان ڕابکێشێ لەسەر نیەتەکە گوناهبارە، نەك بۆنەکە حەرام بێت.

سەبارەت بە بۆینباخ دکتۆر (ڕۆژان) مان دواند لە وەڵامدا پێی وابوو "لەبارەی تەندروستی کاریگەری نییە بۆ سەر ئینسان" ئەوەندە نەبێ ئەوانەی نەخۆشی تەنگە نەفەسی (ڕەبوو)یان هەیە باشترە بۆینباخ نەبەستن، هەروەها ئەوانەش کە پاڵەپەستۆی خوێن و نەخۆشی دڵیان هەیە.

ـ بەستنی بۆینباخ پەیوەندی بەزەوقی کەسەکەوە هەیە، ئەگەرنا هیچ نەخۆشیەك لەنە خۆشەوە بۆ دکتۆر یان کارمەندانی تەندروستی لەڕێگەی بۆینباخ ناگوازرێتەوە.




کوێستان بخوێنەوە ......

به پێشنیازەکانتان، ڕەخنەکانتان، تێبینییەکانتان ، نووسینەکانتان ، جوانتری بکەن .

# یاساکان خاڵ خاڵ



پارێزەر: کەریم بەحری برادۆستی

منیش هاوڕام لەگەڵ یاسا ناسانا دەبێژم، تەنها یاسایە کە دەبێتە پەناگەی ئارامی و ئاسایش بۆ مرۆڤ، هەروەها چەتری پاراستنیشە بۆ خۆی، کە لەژێریدا دەتوانی بەئاسوودەیی کارو داهێنان ئەنجام بدات، بەجۆرێك کە لەسەر خودی خۆیی و ئازادی و بەرهەمەکەشی دڵنیا بیّ، هەربۆیەش بە درێژایی مێژوو هەمیشە مرۆڤ لە خەباتی بیّ وچاندابووە، بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی فەرهەنگی خۆیدا، لە بۆتەی رێساو یاسایەکدا، هەر بۆیەش لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بەتایبەتی توێژی گەنجان کە هیواو ئومێدی دوا رۆژن ئەرکی سەرەکیان داکۆکی بێت لە سەروەری و چەسپاندن و جیّ بەجێکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە هەموو شتێکمان بە بوونی سەروەری رێساو یاساکانەوە بەندە، هیوادارم لەمەودوا بکارم خاڵ خاڵ یاساکان بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیزی گۆڤاری کوێستان.

بەشێوەیەکی گشتی دەکارین بێژین یاسا بریتیە لە (کۆمەڵە رێسایەکی گشتی کە پەیوەندیەکانی کەسان لە کۆمەڵگادا رێکدەخات، حکومەتیش خەڵك ناچار دەکات لەسەر پەیڕەوکردنی و پێوە پابەندبوونی) واتە بە پێی ئەم پێناسەی سەرەوە بۆ ئەوەی رێسا(القاعیدە)ببێت بە یاسا، دەبیّ سیّ کۆڵەگە لە خۆبگریّ کە ئەمانەن:

١–رێسایەکی گشتی.

٢–رێکخستنی پەیوەندیەکانی کەسان لە کۆمەڵگادا.

٣–ناچارکردنی خەڵك، بۆ پەیڕەوکردن و پابەندبوون بە یاساو بەو سزایانەش کە دەسەپێندرێت .

**کۆڵەگەی یەکەم:** دەبیّ رێساکە گشتی بێت، ئەویش یەکەم داخوازیە بۆ یاسا کەدەبیّ خەسڵەتی گشتگیری هەبێت، بەجۆرێك هەمەلایەنییەکەی بۆ خودی کەسەکان نەبیّ لە کۆمەڵگادا، بەڵکو بۆ خەسڵەتەکانیان بێت، چونکە مەرج نییە رێسا گشتیەکە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە، بۆ ئەوەی بێت بە یاسا بەڵکو دەکریّ بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانی ناو توێژێکی دیارکراوی کۆمەڵگاش بێت، وەك: جوتیاران، کرێکاران، پارێزەران، پزیشکان..هتد بە جیا جیاوە. نەك هەر ئەوەش بەڵکو یاساکە بە یاسا دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر بەسەر یەك کەسیشدا پیادە بکرێت، بۆ نموونە ئەو رێسا یاساییەی کە دەستەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران دیاریدەکات هەر یاسایە.

**کۆڵەگەی دووەم:** رێکخستنی پەیوەندیەکانی کەسان لە کۆمەڵگادا ئەمەشیان زۆر ئاساییە، چونکە لەبنەڕەتدا تەنها کەسێکی تاق و تەنیا بوونی نییە، لەبەرئەوەی یاسا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و بوونیشی نابێت مەگەر لە کۆمەڵگادا نەبیّ ئەویش بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێو کۆمەڵگایە، لەوانەیە پەیوەست بێت بە ژیانی مرۆڤەوە یان بە باری کەسێتیەوە (میرات ، هاوسەرگیری ، تەلاق ) یانیش بۆ رێکخستنی مامەڵەی دارایی بیّ وەك: ( کرین ، فرۆشتن ، بەکرێدان ) یان پەیوەست بێت بە مەسەلەی سزاییەکانەوە کە کۆمەڵگا دایان دەنێت.

**کۆڵەگەی سێیەم:** سزا کە ئەمەیان کۆڵەگەیەکی بنەڕەتییە بۆ لێك جیاکردنەوەی نێوان رێسا یاساییەکان و رێسا ئاکارو ئایینەکانەوە هەروەك باوە. سزا یاساییەکان هەمیشە لە رووی دارایی و جەستەییەوە بووە، کەچی سزاکانی ئاکارو ئاینی بە زۆری مەعنەوی یان بۆ دوارۆژ بووە، بەڵام ئەوەی شایەنی باس بێت لێرەدا ئەمەیە کە مەرج نییە رێزگرتنی خەڵك لە یاسا هەمیشە بەهۆی سزاوە بوو بێت، بەڵکو هەندیّ جار دەگەرێتەوە بۆ چەندین هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی دیکەوە لەوانە پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە رووی شارستانی و فەرهەنگیەوە، هەروەها بوون یان نەبوونی رەوایی و شەرعیەتی دەستەڵات بەدەست حوکمڕانەوە کاریگەری خۆی هەیە لەم بارەوە.